# ڕۆژهەڵاتی ناوەراست
# لە عەرەبستانی سعودییەوە تا لوبنان

نوسینی: Stephane Lacroix
و : ئایدیا دیپلۆماتیک



بۆماوەیەکی زۆر لەو لێکۆڵەرانەی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست کاریاندەکرد، رەخنە دەگیرا کە هەڵوێستێکی لەرادەبەدەر ئەزمونگەرایانەیان هەیە و بەشداریی پەراوێزانەیان لە باسە گرنگەکانی ئاکادمی زانستی کۆمەڵایەتی ئیدانە دەکرا، بەڵام لە سالانی رابـــردودا ئەورەوتە گـــۆراوە، ئـــەو کـــارەش بـــەو جـــۆرەی کە بـــاوە بە بردنی ناوچەکە بۆ ناو جەرگەی مێژووی جیهانی، خێرایی بە "بەهاری عەرەبی" داوە. بەرهەمەکانی ئامێلی لۆرنار لە بابەت عەرەبستانی سعودی و بەرنامەی (رۆژیە) لەبابەت لوبنان، بە چوارچێوەی تیۆریکی یەکانگیری خۆیان، بە جوانی ئەو گۆرانکاریە دەردەخەن. شیاوی باسە هیچکام لەو دوانە چاوپۆشیان لەو لێکۆلینەوە ورد و دژوارانەی کە لە ناوچەکەدا کراون نەکردوە.

کتێبەکەی ئامێلی لۆرنار، کارێکی جیدییە لەبابەت خەلکناسی کۆمەڵایەتی و دەریدەخات کە چۆن لە عەرەبستان "نمونەیەکی ژنانەی تایبەت" شکلی گرت و لە ناو فەزای ناکۆکی نێوان دوو چەمکی هاوژین دا گیریکردوە. لەلایەک مەنتیقێکی پارێزکار و رەگەزپەرەستانە کە ئەگەر لایەنی "سوننەت"ش قبوڵ بکات، ریشەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی نێوان 1960 بۆ 1970 واتە کاتێک کە "دەنگی ئسلامگەرایی" لەگەڵ گرانبوونی نەوتدا هاوکات دەرکـــەوت، لایەنەکەی تریش ریفۆرمخوازەکان کە لە ساڵەکانی 1990 بۆ 2000 سەریهەڵدا و هاندەری دامەزران و پیشەگەریی و بەشداریکردنە لە ناو کۆمەڵگەدا.

لەو فەزایەدا ناوەندەکانی کرین (فرۆشگا زەنجیرەییەکان) کە لە ماوەی دە ساڵی رابردودا لە زیادبووندا بوون، وەک یەکێک لە ناوەندە بەرچاوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنـــان، پێگەیەکی گرنگیان دەستەبەر کردوە. ئەو ناوەندانە خەریکی جێخستن و پەرەپێدانی جۆرێک لە مەسرەفگەراییین، کە بۆ ژنانی سعودی هێمایەکی گرنگە بۆ

> ژنێکی گەنجی شاریی لە "ریاز" چۆن لەگەڵ ژیانی شارییدا هەڵسوکەوت دەکات، چۆن بە قبولکردنی بەرتەسکیە فیزیکییەکان (بەتایبەت قەدەغەبوونی شۆفیری) و ئەخلاقی (پێویستنی پاراستنی ئابرو)، دەتوانێت لە روانگەی کۆمەلایەتییەوە هەبوونی خۆی بدۆزێتەوە

دەرخستنی کەسایەتی. درێژەی کتێبەکە توێژینەوەیەکی مرۆڤناسانەیە کە تێیدا نوسەر خۆی دەخاتە جێگای ژنانی ئەو ولاتـــەو پرسیار لەخۆی دەکـــات، تا بۆی دەرکەوێت کە ژنێکی گەنجی شاریی لە "ریـــاز" چۆن لەگەڵ ژیانی شارییدا هەڵسوکەوت دەکات، چۆن بە قبولکردنی بەرتەسکیە فیزیکییەکان (بەتایبەت قەدەغەبوونی شۆفیری) و ئەخلاقی (پێویستنی پاراستنی ئابرو)، دەتوانێت لە روانگەی کۆمەلایەتییەوە هەبوونی خۆی بدۆزێتەوە.

پرۆژەی کتێبی (رۆژیە) کە ئیلهام لە کۆمەلناسیی واقیعگەرا وەردەگرێت، بریتیە لەوەی کە رەفتاری هەندێک لە هۆکارانی قەیرانەکانی ماوەی دە ساڵی رابردوی لوبنان تاوتوێدەکات. ئەو بە پێشکەشکردنی سێ رووخساری سەرەکی ناو رووداوەکان، کە هەرکامیان "سەر بە جۆرە بزوتنەوەیەکە"، نیشاندەدات: "مقوین" (لایەنی "سوننەتی") کە دژی دەسەڵاتی رۆژئاوایە و کاتێک بۆی مومکین بێت پشت بە دەزگای دەولەتی دەبەستێ، وەک حیزبوڵلا لەگەڵ ئێران، مجاهد (جیهاد کارەکان) کە سەرچاوەکەی بارودۆخی ئەفغانستانی ساڵەکانی 1980 و بەلایەوە شەر وەک ئامانجی کۆتایی بەر لە هەر شتێکی ترە و هەر جۆرە مەنتیقێکی فەرمی رەتدەکاتەوە، مکتیل (لایەنی خۆجێیی) کە لە لایەکەوە بە مانا راستەقینەکەی لە سەرزەمینی خۆی و لە لایەکی تریش لە سەربەخۆیی سیاسی خۆی، بەرگریی دەکات.

هەرکام لەو سێ گروپە سەر بە جێگە و پێگە و کەسایەتی ... تایبەتن. هەرکامیشیان خاوەن مەنتیقێکی جیاوازن، کە لە یەککاتدا خۆجێی _هەڵبەت بۆ موقین و مجاهدین_ یـــان نەتەوەییشن. رۆژیـــە تایبەتن بە توێژینەوە و شیکردنەوەی هێلی خەباتی لایەنەکان نیشاندەدات کە چۆن و بۆچی هێندێک لەوان شێوازی خۆیان دەگۆرن. بەمجۆرە تێگەیشتنی لە هەڵسوکەوتی سیاسی شێخەکانی سلافیستی تریپولی (کە زۆربەی کات بە نارون هەژماردەکرێن) مومکین کردوە. کەسانێک کە دەتوانن بە شێوەی بەردەوام و تەنانەت هاوکات، هاوپەیمانی بێلایەنی دەسەڵاتی نائاینی ناسراو بە 14 مارس (لایەنگرانی سەعد حەریری)، هەمیش مەرجەعە ئاینییەکانی هەندێک لە تۆرە جیهادییەکان (بە تایبەت فتاح الاسلام) و واژۆکارانی بریارنامەی کورت ماوەی حزبوڵلاش بن.

**سەرچاوە:**

**لۆمۆند دیپلۆماتیک، مارسی 2012**